# بون لە دیدی ئەفلاتوندا

**زریان همزه عزیز[1] - سەرکار حمەرشید سعید[2] - کیفی ابوبکر حمد[2]**

[1+3]بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عیراق.

[3]بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە

مرۆڤ خاوەن بونێکی ژیر و ئاگامەندە، ئەمە جیاکەرەوەی بونی مرۆڤە لە بونەکانی تر. تایبەتمەندی مرۆڤ بیرکردنەوە و پرسیارکردنە لە بون بە گشتی و بونی خۆی و چییەتی گەردون و ئەڵبەتە جیاوازیش لە مرۆڤ هیچ زیندەوەرێکی تر خاوەن ئەم ژیرییە نییە، کە بپرسێت: من کێم؟ بۆچی لێرەم؟ سەرچاوە و ماهیەتی بونی من چییە؟ ئەم جیهانە چۆن هاتۆتە بون؟ و چەندین پرسیاری تر، کە دەربارەی بون بوە بە کێشەیەک، کە هزری مرۆڤی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە. لە پێش سەرهەڵدانی فەلسەفە و دوای سەرهەڵدانی فەلسەفەش پرسی بون پرسێکی گرنگ و کێشەیەکی جەوهەری هەمو سەردەمەکان بوە. مرۆڤیش وێڵی گەڕان بە دوای ڕاستی وەڵامی پرسیارەکانی بوە.

مرۆڤ ئاگامەندییەکەی ناکاملە، ئەمەش بوە بە سەرچاوەی ویست و ئارەزوەکانی بۆ خۆ تەواوکردن و گەیشتن بە کاملی. ئەم ناکاملییە، وەک مۆتیڤێک وایە، بۆ هەوڵدانێکی بەردەوام لەپیناو تێگەیشتنی لە واتای بون. بە درێژایی قۆناغەکان فەیلەسوفان بەپێی ئەو سەردەمەی، کە تیایدا ژیاون، بەدوای چییەتی پرسی بوندا گەڕاون. بەپێی قۆناغ و سەردەمەکان وەڵامەکان بۆ ئەم پرسە گۆڕاوە، هەریەکەو بەشێوەیەک ڕاڤەی ئەم پرسەیان کردوە. ئەفلاتون لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک فێرگە و فەیلەسوفدا ڕاڤەی پرسی بونی دەکات. بونی ڕەهای ئیلییەکان بوە بە بنچینەی بیردۆزە ئایدیالیستەکەی گۆڕانە هەمیشەییەکەی فەلسەفەکەی هیراکلیتس بوە خەسڵەتێکی گرینگی جیهانی هەستپێکرا و ڕواڵەتە ماتریالەکان، هەروەها سودی لە ژمارەگەری پیتاگۆراس وەرگرتوە.

تیۆری ئەفلاتون لەبارەی بون، هاوشێوەی تیۆرەکەیتی لەمەڕ زانین. بەشێوەیەک لە بەرهەستەکانەوە بۆ ئەقڵ بەرزدەبێتەوە. ناوبراو بونیش لەسەر ئەم بنەمایە دەکات بە دو بەشەوە، "بونی بەرهەست و بونی هۆشەکی". ئەفلاتون تیۆرەکەی سەبارەت بە سەرهەڵدان و پەیدابونی گەردون دەخاتەڕو، کە دەتوانین ناوی بنێین"تیۆری گەردیلەیی ئەندازەیی یان بیرکاریانەی ئەفلاتون"، کە تایبەتە بە چییەتی بون و جیاکردنەوەی بونی ڕواڵەتی و بونی نمونەیی. لە دیدی ئەفلاتوندا بونی ڕەها"ئایدیا" و گشتی ئەو بونەیە، کە تەواوی هەبوەکانی جیهان لەم بونەوە سەرچاوەیان گرتوە.

**وشە کلیلیەکان:** ئەفلاتون، ئایدیا، بون، جیهان، فەلسەفە، زانین

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper30
**Received:** 04-Jan-2022
**Accepted:** 07-Mar-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
zryan.hamzaaziz@uor.edu.krd
sarkar.saeed@univsul.edu.iq
kaify.abubakr@our.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin

## پێشەکی:

ئەگەر پرسی بون لەپێش سەرهەڵدانی فەلسەفە تەنها لە خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤەکاندا ڕەنگیدابێتەوە، بەرگێکی ئەفسانەییانەی بەبەردا کرابێت، وەک هەمو بابەتەکانی تری زانست و مێژو و ئاین و فەلسەفە، ئەوا لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەدا خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بون دەکرێت و کێشەی بون دەبێت بە کێشەیەکی جەوهەری گرنگ و هزری مرۆڤەکان داگیردەکات. لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفەدا پرسی بون دەبێت بە پرسێکی فەلسەفی و هەمو فێرگە و ڕێبازەکانیش بە دوای وەڵامی پرسیارەکاندا گەڕاون سەبارەت بەوەی بون چییە؟ سەرەتا و کۆتایی بون چییە؟ سەرچاوەی بون چییە؟ گەردون چییە و چۆن بەدیهێنراوە؟ ئەڵبەتە فەیلەسوفەکان بە ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر وەڵامی ئەم پرسیارانەیان داوەتەوە و بەردەوامیش بەدوای وەڵامی تازە و سەردەمیدا بۆ پرسی بون گەڕاون.

ئەفلاتون لەڕێگەی تیۆری زانینەکەی بنەمای بون دیاری دەکات و جیاوازی دەکات لە نێوان بونی ڕواڵەتی و بونی ڕاستییەتی"نمونەی"، بونی جیهانی ڕواڵەتی وەک سێبەر و دەروینەی بونە ئایدیالەکە دیاری دەکات. سەرچاوەی بونیش بۆ هێزێکی بەدیهێنەر، کە بە "ئایدیای چاکە" ناوی دەبات دەگەڕێنێتەوە.

## گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی توێژینەوەکە لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا بون لە دیدی ئەفلاتوندا سەرچاوەی گرتوە. هەوڵدراوە چییەتی ئەم پرسە وەک کێشەیەک لەنێو جیهانبینی فەلسەفەدا ڕاڤەبکرێت. لەم ڕوانگەیەوە توێژەر گرفتی توێژینەوەکە لە چەند پرسیارێکی سەرەکیدا خستۆتەڕو. پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

بون وەک کێشەیەک پێگەیەکی تایبەتی لە جیهانبینی فەلسەفە و فەیلەسوفاندا هەیە بۆیە دەپرسین بون چییە؟ بۆچی فەیلەسوفان لە کێشەی بون دەکۆڵنەوە؟

ئایا پرسی بون پرسێکی فەلسەفییە؟ فەلسەفە و فەیلەسوفان پێش ئەفلاتون چۆن ڕاڤەی بونیان کردوە و وەڵامی چییەتی بونیان داوەتەوە؟

ئەفلاتون چۆن شـرۆڤەی بون دەکات؟ وەڵامی ئەفلاتون بۆ بون و کێشـەی بون چییە؟ ئەگەر ئەفلاتون، وەک فەیلەسوفێکی بونخواز سەیر بکەین دید و جیهانبینیمان بۆ بون دەگۆڕێت یاخود نا؟

## ئامانجی توێژینەوەکە:

١-خستنەڕوی پرسی بون بەشێوەیەکی گشتی لە فەلسەفەدا لە ڕوانگەی فەیلەسوفانی پێش ئەفلاتون.

٢- نیشاندانی ئەو ڕاستییەی کە چۆن بون وەک پرسێکی فەلسەفی لە جیهانبینی فەلسەفەی ئەفلاتوندا ڕەنگی داوەتەوە.

٣- ئاشنابون بە وەڵامە جۆراوجۆرە فەلسەفییەکان بەپێی گۆڕانی سەردەمەکان، دەربارەی بون پێش ئەفلاتون.

٤- ئاشنابونی زیاتر بە ڕاڤە و لێکدانەوە و تێڕوانینەکانی ئەفلاتون سەبارەت بە پرسی بون، خستەڕوی ڕاڤە و لێکدانەوە و تێڕوانینەکانی سەبارەت بەم پرسە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

١-بون بابەتێکی گرنگ بوە لە فەلسـەفەدا پێش ئەفلاتون و دوای ئەفلاتونیش، فەیلەسـوفان هەوڵیانداوە ڕاڤەی بون بکەن، وەک پرس و بابەتێکی فەلسـەفی، وەک ئاریشـەیەک بەدوای چارەسـەری ئەم کێشـەیەدا گەڕاون. لەڕوانگەی جیهانبینیانەوە کاریان لەسـەر ئەم کێشـەیە کردوە، ئەمەش ڕاسـتەوخۆ کاریگەری بەسـەر تێڕوانینەکانی ئەفلاتون لەمەڕ پرسی بون، وەک پرسێکی فەلسەفی هەبوە.

٢-ئەم توێژینەوەیە ڕاڤە و خوێندنەوەیەکی هەنوکەییە، بە زمانی کوردی لەمەڕ پرسـی بون لەلای ئەفلاتون، ئەمەش وەک دەروازەیەک بۆ ئاشـنابونی زیاتری خوێنەرانی کورد بە تێڕوانین و لێکدانەوەکانی فەیلەسـوفان بەدیاریکراویش تێڕوانینەکانی ئەفلاتون بۆ چییەتی بون و پرسی بون، وەک کێشەیەک لەنێو فەلسەفەدا.

٣- ئەم توێژینەوەیە لە ئێسـتادا دەربارەی بون لە دیدی ئەفلاتون دەکرێت ببێتە سـەرەتایەکی نوێ و سەرچاوەیەکی تازە بۆ خوێنەران و توێژەرانی ئەم بوارە بۆ ئاشنا بونی زیاتر، کاتێک بیانەوێت توێژینەوە لەم بابەتە بکەن.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی شرۆڤەیی – شیکاری بەستراوە، بۆئەوەی بە شێوەیەکی هەمەلایەن و گشتگیر و ورد پرسی بون و چییەتی بون لەنێو فەلسەفەدا بە دیاریکراویش لە دیدی ئەفلاتوندا شرۆڤە بکرێت.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە پێکهاتوە لە دو باس و دو تەوەر، باسـی یەکەم باس لە بون دەکات، وەک کێشـەیەکی فەلسـەفی بەپێی قۆناغ و سـەردەمەکان لەڕوانگەی ڕێباز و قوتابخانە فەلسـەفییەکان پێش ئەفلاتون، باسـی دوەم باس لە بون و سەرچاوەکانی بون دەکات، بەدیاریکراوییش ئەو فەیلەسوفانەی کە کاریگەریان لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا هەبوە، ئەم باسە دو تەوەر لەخۆدەگرێت: تەورەی یەکەم باس لە کێشـەی بون لە فەلسـەفەی ئەفلاتون دەکات. لە تەوەری دوەمدا: باس لە ڕاڤەی بون و گەردون دیدی ئەفلاتوندا کراوە.

## باسی یەکەم: بون وەک کێشەیەکی فەلسەفی پێش ئەفلاتون

بابەتی بون پێگەیەکی گرنگ و بایەخداری لە بەرهەمی زۆرێک لە فەیلەسوفاندا هەبوە. هەر فەیلەسوفێکیش بەپێی بۆچونی خۆی ئەم بابەتەی دەستنیشانکردوە و ڕاڤەی کردوە. تەنانەت لە پێش هاتنی فەلسەفەش بون بابەتێکی دیار و کاریگەر بوە لە بیرکردنەوە ئەفسانەی و ئایینییەکاندا. لە هەمو سەردەمەکاندا بەپێی بیرکردنەوەی ئەو سەردەمانە مرۆڤ هەوڵیان داوە لە گرنگی بون تێبگات و وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانە بداوەتەوە، کە دەربارەی بون هاتونەتەپێشەوە. هەرچەندە کێشەی بون، وەک کێشەیەکی فەلسەفی لەگەڵ سەرهەڵدانی فەلسەفە سەرهەڵدەدات و بە ناوەوەی هەمو مێژوی فەلسەفەدا ڕۆدەچێت. چونکە مرۆڤ، وەک تاکە هەبویەکی خاوەن ژیریی و ئاگایی ویڵی گەڕانە بەدوای کرۆکی بونی شتەکان. ئاگامەندی مرۆڤ ناکامڵە ئەم ناتەواوی ئاگامەندییەش بوە بە سەرچاوەی ویست و ئارەزوەکانی بۆ خۆ تەواوکردن. ئەمەش مۆتیڤێکە بۆ هەوڵدانیکی بەردەوام لەپێناو تێگەیشتنی لە واتای بون. ئەگەر مرۆڤ ئاگامەندی بونێکی پڕ و تەواوی هەبوایە خولیایی پرسیارکردنی نەدەکەوتە مێشکەوە(کەمال،٢٠٠٤، ١٠).

ناکامڵی مرۆڤ هەمیشە مرۆڤی خستۆتە بەردەم جۆرێک لە ترس، کە مەترسی بوە لەسەر "بون"ی. ئەمەش مرۆڤی هانداوە بۆئەوەی، کە جۆرێک لە ئاگای دروست بکات و بەدوای کامڵبوندا وێڵبێت و لە بونی خۆی تێبگات. لەم ڕێگەیەوە مەترسییەکانی سەر بونی برەوێنێتەوە.

بونی مرۆڤ لە سەرەتادا بەر لە فەلسەفە پرسێکی ئاڵۆز بو، هەمیشە تێڕوانینی مرۆڤ هۆشی مرۆڤی دەخستۆتە بەردەم پرسیارگەلێکی ئاڵۆز و دژوار ترسی لەلای مرۆڤ ئاوەڵا دەکرد. کە هەمیشە نەبون و لەناوچونی، وەک بەشێک لە بونی خۆی دەبینی، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی فەلسەفە بیری نوێ و تێگەیشتنی تازەی لەسەر بون و بونەوەر هێنایە ئاراوە. فەلسەفە هەوڵ و تەقەلا بو بۆ وێناکردن لە ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازەوە، ئەم جۆرە ڕوانینەش مرۆڤ، پێشتر پێی ئاشنا نەببو بۆ بەدیهێنانی ڕاستییەکان سەبارەت بە بونی خۆی. ئەوەی مرۆڤ لە تەواوی هەبوەکانیتر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە توانای فەلسەفاندنی هەیە و دەتوانێت لە کردەی فەلسەفەکردنەوە لە بنچینە و ماهیەتی بون تێبگات (حەمە،٢٠١٢، ٢٥-٢٦).

لە قۆناغی پێش فەلسەفە، مرۆڤ لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە بون و ژیان بە شێوەیەکی ئەفسانەیی بوە چونکە پەنای بردۆتە بەر خەیاڵ و ئەندێشە. لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر زەمینەیەکی نازانستیانە و نائەزمونگەری بوە و دور لە هەمو ڕاستییەک شیکردنەوەیان بۆ پرسە گرنگە سەردەمییەکان کردوە. ئەمەش لە بەرهەمەکانی هۆمیرۆس و خواکانی ئۆلەمپدا دەردەکەوێت. بەشێوەیەک بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە خواکانی زۆربەی نەتەوەکان جیهانیان ئەفراندوە. بەڵام خواکانی ئۆلەمپ بە پێچەوانەوە جیهانیان نەئەفراندوە، بەڵکو جیهانیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە (ڕەسڵ،٢٠١١، ٥١). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە پێش هاتنی فەلسەفە لە چوارچێوەی ئەفسانەدا بوە، چونکە هیچ بەڵگەیەک نەبوە بۆ ساغکردنەوەی ڕوانینەکانیان، بەجۆرێک سروشت و ڕوداوە سروشتییەکان سەرچاوەی ئیلهامی بیرکردنەوەی مرۆڤ بوە، پرسی بونیش لە چوارچێوەی سروشتدا بەرگێکی ئەفسانە بەبەردا کراوە.

ژیری مرۆڤ و ئاگایی لەمەڕ پرسەكانی نێو بون بەگشتی، وەک دەرچەیەک بو بۆ ڕزگاربون لەم نائاگاییە؛ بۆیە سەرهەڵدانی فەلسەفە دەبێتە دەرچەیەک مرۆڤ لەڕێگەیەوە هەوڵدەدات خۆی لەم ترسە ڕزگار بكات. كە وەک مەترسییەک لەبەرانبەر بونیان هاتۆتە ئاراوە. ئەمەش كاتێک مرۆڤ لە ڕێگەی بەكارهێنانی ژیری هەوڵ بۆ ڕزگاربون دەدات تا لە مانای بون تێبگات. ئەم جۆرە لە بەكارهێنانی ژیری گەڕان بەدوای ڕاستییدا بەپێی سەردەمەكان گۆڕانی بەسەردا هاتوە.

وێڕای ئەوە، فەیلەسوفەكان بە وەڵامی جیاواز و پابەند بە سەردەمەكەیان وەڵامی چییەتی بونیان داوەتەوە. بەجۆرێک بون دەبێت بە بابەت گەلێک گرنگی فەلسەفی هەمو سەردەمەكان، بەشێوەیەک هەمو فەیلەسوفان هەڵوەستەیان لەسەر ئەم بابەتانە كردوە.

سەرەتاكانی دەركەوتنی فەلسەفە لەتەک چییەتی بون بوە بەگشتی، فەلسەفە لە سەرەتاكانیدا بە پرسە سروشتییەكانی نێو گەردون خەریكبوە. فەیلەسوفە سروشتییەكان، وەک یەكەم قوتابخانەی فەلسەفی وێڵی گەڕان بون، بەدوای بنچینە و ماهیەتی دروستبونی گەردونەوە. بەجۆرێک دەیان پرسی گەردون چییە؟ چۆن دروست بوە؟ بنەماكانی دروستبونی گەردون چیین؟ كێ ئەم جیهانەی بەدیهێناوە؟ مرۆڤ چۆن هاتۆتە بون؟ چەندین پرسیتریان دەربارەی بون ئاوەڵا كردوە. ئەمەش وایكردوە، كە فەیلەسوفەكانی سەدەی پێنجەم و شەشەمی بەر لە زایین بە گەردونناس ناوبراون. لەم بارەیەوە ئەریستۆ دەڵێت: فەیلەسوفە پێش سوكراتییەكان(1) باسی "ئەو كەرەستانەیان كردوە هەمو شتێكیان لێ پێكدێت.... هەمو شتێكیان لێ دروست دەبێت"، مەبەستی ئەریستۆ لەو چوار كەرەستە"بنەما، ماهیەت، ڕەگەز، گەردون" وەک دیاریكردنی بنەمای دروستبونی شتەكان باسییان كردوە (عزیز،٢٠٠٨، ١٤٥).

پرسی بون لەگەڵ گەشەسەندنی زیاتری ژیری مرۆڤ گۆڕانی بەسەردادێت. بۆیە ئەگەر تەماشای مێژوی ژیاری"شارستانییەت"بكەین، بەتایبەتی مێژوی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی فەلسەفە دەبینین، كە فەیلەسوفەكان تیشكییان خستۆتەسەر كێشە و بابەتەكانی بون، بەڵام لە لێكۆڵینەوەكانیاندا، تا ئەندازەیەكی زۆر لەیەكتر جیاوازن و ناكۆكیش لە ڕوانینەكانییان بۆ بابەتی بون بەدیدەكرێت. بۆ نمونە فەیلەسوفەكانی سەر بە فێرگەی ماتریالی"بون"یان گەڕاندۆتەوە بۆ ماتریال و هەمو فۆرمێكی ئاینی و ئایدیالی لێ دادەبڕن و بڕوایان بە هیچ هێزێكی میتافیزیكی نییە، كە خولقێنەری "بون" بێت.

لەلایەكی دیكەوە ئایدیالیستەكان بە پێچەوانەی ماتریالیستەكانەوە "بون" بە ئایدیا دادەنێن و ڕۆڵی ماتریال كەم دەكەنەوە و دەیكەن بە پاشكۆی ئایدیا. بونگەراكانیش "الوجودیین(2)" لە ڕوانگەیەكی نوێوە نە لەسەر ڕێڕەوی ماتریالیستی و نە ئایدیالیستی كار دەكەن. بەڵكو مرۆڤانە واتە لە بونی مرۆڤ خۆیەوە دەست بە لێكۆڵینەوەكانیان دەكەن، چونكە بەگوێرەی بۆچونی ئەم فەیلەسوفانە مرۆڤ خاوەن و سەرچاوەی فەلسەفییە، جگە لە بونی مرۆڤیش هیچ شتێكی تر نییە هێندەی مرۆڤ گرنگ و بەهاداربێت (كەمال٢٠٠٢، ٧–٨).

لە فەلسەفەی سەدەكانی ناوەڕاستدا بەشێوەیەک فەلسەفە لەگەڵ ئایین ئاوێزان دەكرێت، شرۆڤەی بابەتە فەلسەفییەكان مۆركێكی ئاینی وەردەگرن. بونیش، وەک بابەتێكی فەلسەفی لە ژێر ئەم كاریگەرییە لێكۆڵینەوەی لەبارەوە دەكرێت. بابەتی بون هێندەی هەوڵێكبوە بۆ سەلماندنی بونی ڕەب هێندە هەوڵێک نەبوە بۆ گەڕان بە

دوای چییەتی بوندا. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕەب سەرچاوە و هۆکاری دروستون و سەرهەڵدانی هەمو شتێک بوە. لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا تێڕوانینەکان بۆ پرسی بون گۆڕانی بەسەر دادێت لەگەڵ تێڕوانینە فەلسەفییەکان تێڕوانینی ئاینیش بۆ ئەم پرسە دەبێت بە بەشێک لە ڕاڤە و لێکدانەوەکان بۆ بون. بۆیە بەشێک لە فەیلەسوفەکانی مەسیحی لەوانە" ئۆگستین[3]".

سەبارەت بە کێشەی بون و دروستبونی جیهان تێڕوانینی جیاوازی هەیە. لەم بارەیەوە ئۆگستین دەڵێت: بونی جیهان و جوانی و هێز و سیستەمە وردەکەی ئەم ڕاستییە دەردەخات، ناکرێت بەبێ هۆ و لەخۆوە بێت، بەڵکو لە بونی دانایەکەوە سەرچاوەی گرتوە، کە"ڕەب"ە. ئۆگستین جیهان وێنادەکات، کە هیولا و وێنەکان تیایدا دێن و دەچن ئەم بۆچونەش نزیکە لە بۆچونی ئەفلاتون سەبارەت بە بونی جیهان. هەروەها دەڵێت دو ئەگەر بۆ دروستبونی جیهان هەیە لەوانە: یەکەم خودا لە نەبونەوە جیهانی دروستکردوە. دوەم خودا لە کرۆکی خۆی پوختی کردوە و دەریهێناوە. بەڵام ڕای دوەم پوچەڵە لەبەرئەوەی پێویست دەبێت، کە کرۆکی خوداوەند لەناوچوبێت و کۆتایی هاتبێت و گۆڕابێت، بەڵام خودا جیهانی لەنەبونەوە دروستکردوە. واتە جیهان نەبوە و خودا دروستیکردوە. نەک لە هیولایەکی پێشتر و ئامادە (سابیر،٢٠١٤، ١٥٧–١٥٨).

دواتر لە جیهانبینی ئیسلام و لە فەلسەفەی ئسلامیدا پرسی بون وەک بابەتێکی گرنگ و پرسێکی فەلسەفی ڕەنگیداوەتەوە، بەشێوەیەک گەردون بە تەواوی هەبوەکانەوە لەلایەن خودایەکی تاقانەوە"خلق" ئەفرێنراوە. گەردون لە نەبونەوە هاتۆتە بون گەردون لە هیچەوە پەیدابوە و ئەزەلی نییە و هەر شتێکیش ئەزەلی نەبو هەمیشەیی نییە. واتە گەردون دروستکراوە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە مادە و جوڵە و کات و شوێن هەمویان دروستکراون و هەمیشەیینین. هەر بونێکیش ئەزەلی نەبو هەمیشەیش نییە، چونکە هەر شتێک سەرەتای هەبو کۆتایشی دەبێت. کەواتە تیۆری" بون و لەناوچون" لە مەعریفە و فەلسەفەی ئیسلامیدا بەوە ڕاڤەدەکرێت، کە بونی گەردون وا بەستەیە بە بونێک لە دەرەوەی خۆیەتی کە "الله" خودایە. ئیرادەی لەناوچونیشی هەر لەدەست ئەم بونەیە، کە ئەم گەردونەی دروستکردوە. فارابی[4] دەربارەی بون و سنورداربونی دەڵێت "هەرچییەک هەر شتێک بە شێوەیەکی کردەکی بونی هەبێت سنوردار و "موتەناهی"ە، کۆتایی هەیە، ئەگەر وا نەبێت ئەوا بونێکی کردەکی نییە و تەنها وەک ئەگەر هەیە" (مەروە،٢٠٢٠، ٢٩٨–٢٩٩). بەم پێیە بون لە فەلسەفەی ئیسلامیدا سەرەتا و کۆتایی دیاریکراوە. بە شێوەیەک خودا سەرەتا و دەستپێکی بونە، هەمو شتێکی لە نەبونەوە هێناوەتە بون، هیچ بونێکیش هەمیشەیی نییە، بەجۆرێک بون کۆتایی دارە و لەناودەچێت.

بەڵام لە فەلسەفەی نوێدا، بون دەبێتەوە بە پرسێکی گرنگی فەلسەفی، هەر فەیلەسوفە و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بون کردوە، بۆیە کێشەی بون لە نێوان فەیلەسوفە ئایدیالیستەکانیش ناکۆکی و ناتەبایی هەیە. هەندێک ڕاستی"حەقیقەت"ی بون دەگەڕێنەوە بۆ دو سەرچاوەی ماتریالی و ئایدیالی، واتە خوا و ماتریال بە هەمیشەی "ئەزەلی" دادەنێن ئەمەش پێی دەوترێت"دوالیزم[5]" واتە دوانەیی، بۆ نمونە ئەفلاتون و ئەریستۆ و دیکارت و زۆر فەیلەسوفی تر سەر بەم فێرگەیەن، چەند فەیلەسوفێکی تری، وەک فیختە و هیگڵ و بارکلی هەمو شتێک بە ئایدیا دەزانن و بڕوایان بە ماتریال نییە. ئەمانەش بە مۆنتایزم "یەکانەکی" ناودەبرێن، لایبنیتز وەک زانا

ئەتۆمییەکان سیستەمە ئایدیالیستەکەی لەسەر مۆنادەکان دامەزراندوە کە گیانەکین لە ژماردن نایەن، واتە ڕاستەقینە نەیەکێکە و نە دوانە، بەڵکو هێندەی ژمارەی مۆنادەکان ڕاستەقینە هەیە (کەمال،٢٠١٩، ١٥-١٦).

سەرەڕای ئەم تێڕوانینانەی کە پێشتر باسمان کرد سەبارەت بە کێشەی بون، وەک کێشەیەکی فەلسەفی و تێڕوانینەکانمان دەربارەی بون خستەڕو، بەڵام فەیلەسوفێکی وەک "کانت" باسکردنی بون و هەوڵدان بۆ شرۆڤەی بون هەوڵێکی بێهودەیە و تەنها کات بە فیرۆدانە، بە تێڕوانینی کانت زانین "زانینی مرۆڤ" توانا و بڕستی ئەو تۆی نییە، کە خۆی لە قەرەی ئەم کێشەیە بدات و پەردە لەسەر نهێنی بنەڕەتی بون داماڵێت و ڕاستی بون ئاشکرا بکات. سەبارەت بە هەندێک زانا و فەیلەسوفیش کەلافی ئەوە لێدەدەن، گوایە دەربارەی بون زانینیان هەیە، یان گەیشتون بە باوەڕێکی لۆژیکمەندانە لە گۆڕان بەدەرە. ئەوا کانت پێیوایە ئەمانە زیادەڕەوی دەکەن و ئەوەی ئەوان بە بیردۆزی زانستی لەقەلەمی دەدەن. جگە لە بیروڕایەکی خودی، کە خۆیان پەسندیان کردوە هیچی تر نییە. ناتوانن بە بەڵگە بۆ ئێمەی بسەلمێنن. کانت زیاتر لەمەش پێیوایە، کە "میتافیزیک" زانستێکی بێ بەر و پوچەڵە و سودی بۆ ژیانی مرۆڤ نییە و هۆشی مرۆڤیش توانای ئەوەی نییە بگاتە ئەو ڕاستییە شاراوەیەی کە "بون"ی لێوە پەیدابوە (کەمال،٢٠١٩، ١٣).

## باسی دوەم: سەرچاوەکانی بون لای ئەفلاتون

ئەفلاتون تێڕوانینەکانی سەبارەت بە بون لە ژێر کاریگەری زۆرێک لە فەلسەفە و فەیلەسوفدا بوە. بەجۆرێک ڕەگەز و هەوێنە بنەماکانی فەلسەفەکەی خۆی لە ڕەهەندی ئاینی و ڕوحی چواندنی جیهان بە ئەشکەوت و ناوەڕۆکی ئەم چواندنە دەبینێتەوە لە سوکراتەوە وەرگرتوە. هاوکات ئەو ڕێز و بەهایەی بۆ ماتماتیکی داناوە، کە تێکەڵ بونی بیرکردنەوەیەکی عەقلانی و ئیشراق لە تیۆرییەکانیدا بەدیدەکرێت هەموی لە ئەنجامی کاریگەرییەکانی فیساگۆرسەوەیە. بونی واقیعی سەرمەدی و سەربەخۆی بەرانبەر بە کات لە پارمەندیسی وەرگرتوە. لە هێراکلیتس ئەم تیۆریە نێگەتیڤەی وەرگرتوە، کە دەڵێت لە جیهانی هەستپێکراودا هیچ شتێک جێگیر نییە (ڕەسل،٢٠١١، ١٩٠-١٩١).

فەلسەفەکەی ئەفلاتون کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەشێکی زۆر لە فەلسەفە و فەیلەسوفەکانی پێشخۆی، بە دیاریکراوی لەژێر کاریگەری سێ کەسایەتی پێش خۆی دابوە، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بیرکردنەوەکانی ئەفلاتون لەسەر میتافیزیک و زانستناسی هەبوە. هێراکلیتس (نزیکەی ٥٤٠ پ.ز-٤٨٠-٧٠)، پارمێنیدس (نزیکەی ٥١٥ پ.ز-٤٤٩-٤٠) و سۆکرات (٤٧٠ پ.ز-٣٩٩). تەنها کەمێک لە نوسینەکانی پارمێنیدس و هێراکلیتس ماونەتەوە، لەوانە هەندێکیان کە لە دیالۆگەکانی ئەفلاتوندا هاتوە. سۆکرات هیچی نەنوسیوە. سوکرات[6] کاریگەری بەسەر بۆچونەکانی ئەفلاتون[7]دا جێهێشتوە.

ئەفلاتون نیوەی تەمەنی لە ژێر کاریگەری سوکراتدا بوە لەزۆربەی دیالۆگەکانیدا سوکرات بوە بە پاڵەوان و ناوەندی دەربڕینی بۆچونە فەلسەفیەکانی، لە هەندێک دیالۆگەکانیدا؛ بۆیە لە دیالۆگەکانی قۆناغی دوەم و سێیەمدا ئەفلاتون بۆچونەکانی خۆی لەسەر زاری سوقرات بە خوێنەر دەگەێنێت، لەهەر سێ قۆناغەکەدا جگە

له لەیەک دیالۆگ نەبێت سوکرات پاڵەوان و پێشەنگی مشتومڕە فەلسەفیەکانییەتی(کەمال،٢٠١٠، ١٤). ئەفلاتون لە دیالۆگی سیای تیتۆس"شوناس"دا لە سەر زاری سوکرات دەڵێت:" هەمو شتێک دو ڕەهەندی هەیە، شتێک لە حالی بزاوت و جۆش و خرۆشـــی دایە و هیچ شـــتێک ئارام و جێگیر نییە"وەک "ئۆرکئانوس" و"تســـوس"ن، ڕەهەندەکەی تر، کە "ملسیسۆس و پارمەندیس"ن دەڵێن" گونجاوترین ناوێک، کە بتوانرێت لە سەرتاپای "بون" بنرێـت بێ جوڵەییە، بـانگەشـــەی ئەوە دەکەن "بون" یەکەیەکی یەکـانگیرە و خۆی لەخۆیـدا پـایەدار و جێگیرە"(ئەفلاتون،٢٠١١، ١٧٧٣).

ئەفلاتون لە ژێر کاریگەری هەردو بۆچونەکەدایە، کە بەتەواوەتی لە دوالیزمی زانینەکەی و بونی دو جیهاندا بەرجەســـتە بوە، کە زانینی هۆش و زانینی هەســـتییە، لە دیاریکردنی دو جیهانیشـــدا ڕەنگیداوەتەوە. جیهانی هەستی"هەمیشە لە گۆڕان دایە" لەبەرانبەردا جیهانی "باڵا" گۆڕانی بەسەرداناپەت و نەگۆڕە. لە هەروەها ڕێبازی هیراکلیتس[8] دەورێکی دیاری هەیە لە فەلسـەفەلەی ئەفلاتوندا، کە بریتییە لە گۆڕانی بەردەوام و هەمیشـەیی "هەموشتێک دەگۆڕێ هیچ شتێک هیچ ساتێک لەسەر یەک شێوە نامێنێ". ڕێبازی فەلسەفەی پارمەندیس[9]، کە دەیگوت تەنها یەک شـت هەیە و دەتوانێت هەبێت، ئەویش بونە. مرۆڤ تەنانەت نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە و بڵێت ئەوەی نییە. جگە لەوەش، بەو پێیەی گۆڕانکاری ئەوە دەگەیەنێت کە شـتێک دێتە سـەر ئەوەی کە نەبوە، هەمو جۆرە گۆڕانێک ڕەتدەکاتەوە. بڕوای بە وەســـتان و نەگۆڕان و بونی ڕوت هەیە و "بون هەیە و ناشـێت نەبێت"، کەواتە لەلای هێراکلیتس هەسـت و لەلای پارمەندیس ئەقڵ وەک دو سـەرچاوەی زانین و بون ڕۆڵیان هەبوە. ئەفلاتون هەردو تێڕوانینەکەی وەرگرتوە و هەریەکەی لە لایەنێک بەکارهێناوە بەشـێوەیەک لەلایەنی جیهانی هەست پێکراودا ڕای هیراکلیتس و لەبواری جیهانی ئەقڵیدا ڕای پارمەندیسی پەسندکردوە (عزیز،٢٠٠٨، ١٤٠).

ئەنکســاجۆراس بەر لە سـوکرات و ئەفلاتون بنەمای میتافیزیکی دامەزراند و "بون"ی کرد بە دو بەشـەوە، ئەفلاتون سـیسـتەمە میتافیزیکیەکەی خۆی لەسـەر ئەم ڕێبازەی ئەنکسـاجۆراس بنیاتنا و بەرەو پێشـی برد. هەروەها "بونی"ی ڕەهای ئیلیەکان[10] وەک بنەمایەک بو بە تایبەتمەندییەکی گرنگی جیهانی بەرهەســـت و ڕواڵەتە ماتریالەکان، وەک ئەریستۆ باسدەکات لە لایەنی پەتییەوە سودی لە ژمارەگەری پیتاگۆراس[11]وەرگرتوە (کەمال،٢٠٠٢، ٦٢-٦٣).

ئەفلاتون دەســتی بەو ئەقڵەوە گرت، کە ئەنکســاجۆراس خەوشــداریی ڕێبازی میکانیکی دەرخســت و ئامانجگەرایی لەسەر بناغەیەکی بەهێز دامەزراند، کە ئالیەتی لە "کلیات"هەمەکی و "جزئیات"بەشـەکیدا هێشتەوە تەنانەت لە دیاردە زیندەییەکانی وەک خۆراک وەرگرتن و جوڵەی خوێن و هەناسـەدان و بەسـاڵاچون و مردن، شـێوەی سـەرجەم تەنەکانیش لە هەمان ڕەگەز دروسـتکراون لەسـەر هەمان یاسـا دەڕۆن، لەمەشـدا لەگەڵ دیمۆکریتس[12] هیچ جیاوازیەکی نییە، تەنها لەوە نەبێت کە ئەم ئالیەتە ملکەچی نەخشـەی دروســتکەرە، کە لە دەرەوە مەرامەکانی خۆی بەسـەریدا دەسـەپێنێت. ئەویش بە ئامرازە تایبەتەکانی خۆی دەیانهێنێتە دی. واتە بە جوڵەی ئەو شـــێوە ئەندازەییەی ڕەگەزەکـان هەیـانە (کەرەم،٢٠١٧، ١٤٠). ئەفلاتون ســـودی لە فێرگەی مەلتیەکان[13] وەرگرتوە "لە بون و دەرچون" لەناوچون"دا چ شـتێک دەمێنێتەوە؟ هەمو شـتێک دەڕوات،" ئەوەی

ئێمە بە هەست"سێنس"ەکان دەرکی دەکەین لە ناودەچێت. کەواتە چ شتێک دەمێنێتەوە؟ لەمەوە ئەفلاتون باس لە بونی جیهانی ئایدیا کان دەکات، کە بونی جیهانی ئایدیاکان نەگۆڕ و هەمیشەییە لەناو ناچێت. (محەمەد،٢٠١١، ٨٨-٨٩).

بون وەک بابەتێک لەنێو کایەی فەلسەفەدا ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی هەبوە، لە فەلسەفەی زۆرێک فەیلەسوفانی گریکدا پێگەیەکی بایەخدار و شیاوی هەبوە هەر فەیلەسوفێک دەربارەی بون دواوە، فەیلەسوفەکانی پێش ئەئەفلاتون بە "کۆسمۆلۆجی" ناونراون باسی هەمو ئەو کەرەستانەیان کردوە، کە بنەمان بۆ پێکهاتن و دروستبونی هەمو شتێک(عزیز، 2008، 145). تیۆرەکانی ئەم فەیلەسوفانە سروشتی تاکەکەسیان پێوە دیارە، هەروەها پشتیان بە ئاین و ئەفسانە نەبەستوە، بەڵکو بۆ ساخکردنەوەی تیۆرەکانیان هەوڵیانداوە بە بەڵگە ڕاستی تیۆرەکانیان بسەلمێنن و بۆ ئەمەش ئەقڵ و لۆژیکیان کردوە بە بنەمای کارە فەلسەفیی و زانستەکانیان. بەڵام ئەفلاتون تیۆرەکەی لەبارەی بون هاوشێوەی تیۆری زانینەکەی بنیاتناوە، بەو مانایەی لە هەستەکانەوە بۆ ئەقڵ بەرزدەبێتەوە و هەستەکان ملکەچ دەکات بۆ ئەقڵ بەشێوەیەک بەهایەکی زیاتر بەزانینی ئەقڵی بە بەراورد بە زانینی هەستی دەدات (کەرەم،٢٠١٧، ١٣٠).

## تەوەری یەکەم: کێشەی بون لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا:

ئایدیای ئەفلاتون سەبارەت بە بون لە دیالۆگەکانی فیلبوس و تیمایۆسدا دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، لە ڕوانگەی ئەفلاتون فەلسەفە گەڕانە بەدوای ناسینی شتەکان، بەهاوکاری ئەقڵ و ویستی ناسینی بونەکان، بون چییە؟ بونەوەر چییە؟ بون شتێکە کە بونی هەیە. بونەوەری نەگۆڕ تەنیا بە یارمەتی بیرکردنەوە دەتوانرێت تێبگەین بیرێک کە پەیوەندی بەئەزمونی هەستی ئازادەوە هەیە. واتە بیرکردنەوەی پاکن لە زمانی یۆنانیدا دو وشەی idein و "edose" لێیەوە وەرگیراون واتە بینین. بەزمانی غەیرە فەلسەفی و هەندێکجار بە زاراوەی فەلسەفی ئەم دوانە مانای جەستە و فۆرمیان هەیە. ئەفلاتون دو وشە بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی ئەوەی کە هەیە دەڵێت: "بون واتە شتێک کە بیرۆکەیە (ideaیاeiddos» "بیرۆکە ئەو شتەیە کە هەمیشە وەک یەکە و هەمان شت دیارە لە جیهانی بەرجەستەدا، لە بوارەکەدا زۆر شت هەیە بۆ هەمو بوارێک فرەیی و یەککگرتویی بیرۆکەکان هەیە" (بۆرمان، ١٣٨٩-٦٢، ٦٣).

ئەفلاتون لە تیمایۆسدا دەڵێت: "ئەوەی هەمیشە 'هەیە' و هەرگیز ناگۆڕێت" و "بون" تێیدا کارناکات، چۆنە؟ و ئەوەی هەمیشە لە گۆڕاندایە و هەرگیز ناگاتە قۆناغی "بون" چۆنە؟ یەکێکە لە شێوازەکانی بیرکردنەوە و ئیستدلال، جیاوازی دەکات لە نێوان ئاستی بون: نێوان بون، بون و ئەو ڕێزبەندییەی کە لێیەوە بون ڕون دەکاتەوە. سەر بە دونیای هەست واتە ئەوەی لە جیهانی هەستدا دەیبینین یان چاودێری دەکەین بەردەوام لە جوڵە و بوندایە و سەقامگیرییەکی تێدا نییە درێژە ناکێشێت، بە پێچەوانەی جیهانی عەقڵ ئەبەدی و جێگیرە، ئەفلاتون پێنج جوتە پۆلێنی دیکەی پێشنیار کردوە، کە بریتیین لە: بابەتییەت و ئەویتربون بابەتییەت سیفەتی بونەوەرێکی ڕاستەقینەیە بەو مانایەی کە جەوهەری مەعقولی هەریەکەیانە شتێک ئەوەیە کە هەیە و هەمان

شتە وەک خۆی، لە کاتێکدا بونی جیهانی هەست بەردەوامە دەگۆڕێت. یەکێتی و زۆریەتی قەوارەی ڕاستەقینە بە یەکگرتن و بون تایبەتمەندە زۆر شت ناڕاستەقینە. بون و نەبونی بونی ڕاستەقینە لە جەوهەر و ڕاستی و ڕواڵەتدا هەستی شتەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، و نەبونی فۆڕمی هەستپێکراوی بێدەنگی و جوڵەیان، سەقامگیری و بێدەنگی پەیوەندییان بە ڕاستییەکانی شتەکانەوە هەیە و جوڵە و جوڵە نمونەی هەستیارییانە. لێکچون و جیاوازی، ڕاستی لە جیهانی عەقڵ و لە جیهانی هەستدا لێکچون و هاوپەیمانی دژایەتی و جیاوازی هەیە (شجاری ونجف پور،١٣٩١، ٧٠-٧١).

ئەفلاتون لە دیالۆگی تیماوسدا سەبارەت بە بون دەڵێت: "سەرەتا دەبێت ئەم دو جۆرە لە بون لەیەکتری جیا بکەینەوە و بزانین ئەوەی هەمیشە هەیە و هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت و ئەو شتەش، کە هەمیشە لە حاڵەتی گۆڕاندایە و هیچ کات ناگاتە قۆناغی بون، بونی یەکێکیان لە ڕێگەی ئەندێشە و بیرکردنەوەوە خودئاگایانە پەیپێدەبرێت و هەمیشە هەیە و بە هەمان ئەو شێوەیە دەمێنێتە وە و لەگەڵ خۆیدا یەکسانە، ئەویتریان بە پێچەوانەوە بابەتی لێکدانەوەیە، کە لە پەیپێبردنێکی هەستی ناخود ئاگاوە بەدەست دێت، چونکە هەمیشە لە حاڵیبون لە ناوچوندایە و هەرگیز بونەوەرێکی ڕاستەقینە نییە"(ئەفلاتون،2011، 2280).

ئەفلاتون جیاوازی دەکات لە نێوان دو جۆری بوندا بونی یەکەمیان ئەو بونەیە کە هەمیشە هەیە و هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت و تەنها لە ڕێگەی ژیریەوە مرۆڤ پەیپێدەبات و دەرکی دەکات، واتە دەرککردنی ئەم بونە دەرک کردنێکی هۆشەکییە، چونکە ئەم بونە خاڵییە لە هەمو بابەتە بەرجەستەییەکان و بۆ هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەر دانایەت، بەڵام بونی دوەمیان ئەو بونەیە کە هەمیشە لە حاڵی گۆڕاندایە و ناکامڵە لە ڕێگەی هەستەکانەوە هەستی پێدەکرێت و بونێکە هەمیشەیی نییە و لەناودەچێت. ئەفلاتون بونی بەسەر دو جیهان داباشکردوە، یەکێکیان جیهانی ببینرا و هەستپیکراوە، مەبەست لێی ئەو جیهانەیە کە لەبەر دەستماندا خۆی ئاشکرا دەکات، کە هیچ شتێک تیایدا وەک خۆی نامێنیتەوە، ئەفلاتون دەلێت: "هەمو شتێک ئەبێ..هیچ شتێک نابێ" واتە هیچ شتێک لە هیچ شوێنێکدا بە نەگۆری نامێنێ، هەمو شتێک دێت و وندەبێ، هیچ شتێک کامڵ نییە، هەمو شتیک سیسدەبێ و لەناودەچێ، ئەم جیهانە کە کات و شوێنی هەیە تاکە جیهانێکە کە بە هەستەکان "حەواس"ەکان درکی دەکەین (ماگی،٢٠١٠، ٥٠). ئەفلاتون دەڵێت: "هەمو شتێک لە حالی جوڵە و بزاوت دایە" هەروەها "هەمو شتێک هەڵگری دو جۆر جوڵەیە بە واتایی هەم جێگۆرکێ بەخۆی دەکات و هەم گۆڕانکاری بەسەر دادێت"(ئەفلاتون،٢٠١١، ١٧٧٦).

کەواتە جوڵە وەک بەشێک لە بون سەیردەکرێت جۆری جوڵەکان بەپێی شتەکان دەگۆڕێت، ئەگەر شتێک تەنها جێگۆرکی بەخۆی بکات و گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێت ئەوا دەڵێین تەنها جێگۆرکێی بەخۆی دەکات. تیۆرەکەی ئەفلاتون دەتوانین ناوی بنێین" تیۆری گەردیلەیی ئەندازەی یان بیرکاریانە، بەپێی ئەم بۆچونەش دەتوانین سێ جیاوازی لە نێوانی"وێنە و مادەی بنچینەی و ڕاستیی تەنی جیهانی هەستپێکراو"دا بکەین، مەبەست لە مادەی بنچینەیی تەنها "جێگەی چۆڵ"ە، هەرچی واقیعە هەستپێکراوەکەشە بریتییە لە ئەنجامی پێکەوە کۆکردنەوەی نێوانی وێنەکان و ئەو شوێنانەی بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو وێنەیان بەسەردا

پیادەدەبێت، بەمشێوەیەش بونی جیهانی مادیی فیزیای و بایۆلۆژیمان لەسەر بنەمای چوار توخمەکە لەلا گەڵاڵە دەبێت (ڕەسل،٢٠١٠، ١٨٢).

لە دیدی ئەفلاتوندا ســـەرەتایەک هەیە بۆ دروســـتبونی تەنەکان بەشـــێوەیەک ئەم تەنانەن کارلێک دەکەن ئەمەش کاریگەری دەکاتە ســـەر گەردیلەی توخمەکان، کە بنەمای دروســـتبونی گەردونن، واتە دوبارەبونەوەی چەند تەنێکی ئەندازەی، کە لە دو جۆر سـێگۆشـەکاری سـەرەتایی پێکدێن: یەکەمیان نیوە سـێگۆشـەیەکی سێ لایەکســـان و دومیان ســـێگۆشـــەیەکی گۆشـــە وەســـتاوی دو لا یەکســـان، کە نیوە چوارگۆشـــەیەکمان بۆ دروسـتدەکات، بە ئەم دو سـێگۆشـەیە دەتوانین چوار دانە لە پێنج جۆرەکەی تەنە بنچینەیەکە پێکبهێنین. شـێوە چوار ڕوەکە گەردیلە بنچینەیەکەی ئاگرە، شـــەش پاڵو گەردیلەی خۆڵە، هەشـــت پاڵوش گەردیلەی بنچینەی هەوایە، شـــێوە بیســـت ڕوەکەش گەردیلەی ئاوە، لە ڕێگەی شـــیتەڵکردنی ئەم تەنانەوە بۆ پێکهێنەرەکانیان و ســـەرلەنوێ ڕێکخســـتنەوەیان دەتوانین گۆڕانکاری لە نێوان ئەم تەنانەدا بکەین لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی تر، گەردیلەکانی ئاگر کە لای تیژیان هەیە دەتوانن بچنە ناو تەنەکانی ترەوە، بەڵام ئاو لە چەند تەنۆلکەیەکی زۆر نەرمتر پێکدێت، لەبەرئەوەیە هەمو شـــلەمەنییەکان نەرمن، لێرەدا ئەم تیۆریەی ئەفلاتون وەک وەرچەرخانێک بەشـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش دەکەونە پێش تیۆرە فیزیاییە نوێیەکانەوە، چونکە سـێگۆشـە بنچینەییەکانی لای ئەفلاتون لەبەرانبەر تەنۆچکە ئەتۆمی یان بەراییەکانی ناو فیزیا دەوەسـتن، واتە دەکەونە پێکهێنەرە زۆر وردە بنچینەییەکان، بەڵام ئەو تەنۆچکانە پێیان ناوترێت گەردیلە، بێگومان کاتێک ئەفلاتون باس لە چوار توخمەکە دەکات "ئاو، هەوا، ئاگر، خۆڵ" وەک بنەما و پنتی دروســـتبونی جیهان، بەمانایەک لە ماناکان تیۆرەکەی خۆی کۆت و بەند دەکات، بەڵام هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ڕوانینی ســـەردەمەکەی بەمشـــێوەیە بوە، بەڵام هەوڵی داوە ئارگومێنتێک یان ڕاڤەیەک بۆ ئەم بۆچونە بهێنێتەوە ڕواڵەتەکەش پارێزراو بێت، ئەو گریمانەش کە پلاتۆن بۆ ئەم مەبەســـتە بەکاریهێناوە بیرکاریانە بوە، واتە مەبەســـت لەم گریمانەیە وەک ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێت دەتوانین لەسەر بنەمای ژمارەکان لە جیهان تێبگەین (ڕەسل،٢٠١٠، ١٨٢-١٨٤).

جیهانی دوەمیش کە جیهانی باڵایە لە ماتەر بەدەرە و بەرزە، جیهانێکی ڕاســـتەقینەیە و کەوتۆتە ئەو دیو ســـنوری "کات" و "شـــوێن" و دور لە گۆڕانکاری، هەروەها ئەم جیهانە بەرزە جیهانێکی نەبینراوە و تەنیا فەیلەســـوفەکان دەرکی پێدەکەن و دەتوانن پێی بگەن، بابەتەکانی ناو ئەم جیهانە نمونەییە نەتاکن، نەماتریالن، بەڵکو فۆرمێکی هەمەکی پەتین و ناوەرۆکی بونەوەرەکانی جیهانی ماتریالین(کەمال،٢٠٠٢، ٦٣). وەک ئاشـکرایە ئەفلاتون بون دەکات بە دو بەشـــەوە بەپێی بونی ئەم دو جیهانە یەکیان دەگۆڕێت بەهۆی هەســـتەکانەوە" کە ئەوانیش دەگۆڕێن، جیهـانی دوەمیش جیهـانی بیری ڕوتە و نمونەی بەرزە لەگۆڕان بە دورە بە هۆی ئەقڵی پەتیەوە دەزانرێت، جیهانی یەکەم سـێبەر و لاسـایی کردنەوەی جیهانی دوەمە... بۆ سـاغکردنەوەی ئەم ڕێبازە گەیشـــتن بەم ئەنجامە لە جیهـانی نمونەییدا بۆچونەکانی هیراکلیتســـی ڕەتکردەوە و پەنای بردەبەر ئەقڵ (عزیز،٢٠٠٨، ١٤٠).

ئەفلاتون جگە لەوەی "ناوەرۆک"ی لە "بون" جیاکردۆتەوە ئەم ناوەرۆکەشـــی لە جیهانەکی دور و بەرزدا داناوە بەبێ ئەوەی ئەو "ناوەرۆک" بە "بون"ەوە ببەســـتێتەوە، ناوەرۆکەکان یان فۆرمەکانی جیهانی ئایدیا

هەمەکین، بۆ نمونە لەم جیهانەدا بابەتی زۆرمان هەیە، وەک مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک... بۆ هەر یەکێک لەمانەش فۆرمێک لە جیهانە بەرزەکەدا هەیە، مرۆڤی تاکمان زۆرە لەڕوی بونییەتی جەستەی و بونییەتی کۆمەڵایەتیەوە بەڵام بۆ هەمو ئەم فۆرمە جیاوازانە تەنها یەک فۆرمی هەمەکی "مرۆڤ" هەیە، کەوا بو مرۆڤە ڕاستەقینەکە ئێمەنین، ئێمە سێبەری ئەوین و فرێدراوینە ناو جیهانی ماتریاوە. فۆرمە هەمەکیەکان خەسڵەتگەلی دیکەشیان هەیە، ئەفلاتون ئەمانە بە "بون"ێکی هەمیشەی دادەنێت و هیچ هێزێک دروستینەکردون، نەسەرەتایان هەیە و نەکۆتاییان هەیە، بەم پێیەش ناشێت لە چوارچێوەی کات و شوێندا بن و گۆڕانیشیان تێدا ڕونادات، ژمارەی ئەم فۆرمانەش دەتوانین بڵێین هێندەی ژمارەی ئەو بابەتانەن کە لەم جیهانەدا هەن، چونکە جیهانی خوارەوە کۆپی جیهانی ئایدیالە. ئەوەی لێرە هەبێت لەم جیهانەدا هەبێت لە جیهانی نمونەیشدا لە فۆرمێکی ماتریال-بەدەردا هەیە(کەمال،٢٠٠٢، ٦٣).

لە ڕوانگەی ئەفلاتون ئایدیای چاکە نە"بون"ە و نە"زانین" بەڵکو سەرەتایە کە هەم بون و هەم زانینی لێوە پەیدابوە، ئەفلاتون لە شوێنی "بونی مەزن" "چاکە" دادەنێت وەک بنەڕەتێکی لە بنەڕەت بەدەر، کە لێیەوە بون و زانین دەرچوە، بەڵام هایدیگەر ڕەخنە لە ئەفلاتون دەگرێت سەبارەت بە بنەڕەتی بون بەتایبەت بونی مرۆڤ، هایدیگەر دەڵێت ئەفلاتون یەکەم فەیلەسوفە لە پشتی بون بەگشتی و بەتایبەت بونی مرۆڤەوە "هیچ" دادەنێت، چونکە"چاکە" "هیچ"ە و ناتوانێت ببێتە بون، ئەی چۆن دەتوانێت سەرچاوەو سەرەتای بون بێت؟ (حەمەعلی،٢٠١٥، ٦٧). مەبەستی ئەفلاتون لە "میثال" نمونەی بەرز و ئەبەدی ئەو شتانەیە کە لە جیهانی مادیدا بونیان هەیە، بەشێوەیەک جیاوازیە لە نێوان بونی حەقیقی و بونی ڕوالەتی"وێنەیی" هەستپێکراو، ئەم جیهانی باڵا و نمونەییە هەڵگری چوار تایبەتمەندییە کە بریتین لە "گشتیەتی، یەکگرتویی، کەماڵ، نەگۆڕی" (موڕادی،٢٠١٤، ٤١).

ئەفلاتون دەڵێت: "خودا هەمو شتێکی نەئافراندوە، بەڵکو تەنها شتە باشەکانی ئافراندوە" بەپێی ئەم بۆچونە فرەی دنیایی هەستپێکراو دەبێت سەرچاوەیەکیتر هەبێت جگە لەخودا، لەم کاتەشدا لەوانەیە نەک وەک ئافرێندراوی خوا، بەڵکو بەشە پێکهێنەرەکانی زاتی ئەوبن. بەمشێوەیە ڕەهەندی فرەی بونی جۆراوجۆر نابێت بە ئایدیایەکی بنەڕەتی، لە بنچینەدا خوا یان چاکە بونی هەیە. ئایدیاکان سیفەتی ئەون (ڕەسڵ،٢٠١١، ٢٢٨). ئەفلاتون لە دیالۆگی "فایدۆن"دا باس لە نەمری ڕۆح دەکات. دەڵێت: "مەرگ شتێکە یان هیچ شتێک نییە؟"هەڵبەتە شتێکە"سوکرات ئایا مەرگ جگە لە جیابونەوەی ڕوح لە جەستە شتێکیتر لەخۆدەگرێت ئایا مەرگ ئەوەنییە کە جەستە و ڕۆح لەیەکتر جیابنەوە ڕۆح تەنها و جیا لە جەستە دەمێنێتەوە". لەم دیالۆگەدا ئەفلاتون باسی سوکراتمان بۆ دەکات کە لە کۆتاییەکانی ژیانی دایەوە بڕیاری مەرگی بەسەردا دراوە بەشێک لە هاوڕێکانی ڕێگای ئەوەی بۆ پێشنیار دەکەن لە زیندان ڕابکات بەڵام سوقرات ڕەتی دەکاتەوە دەڵێت: "کەسێک هەمو ژیانی لە خزمەت فەلسەفەدا گوزەراندوە دەبێت بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە مەرگ بکات"(ئەفلاتون،٢٠١١، ٥٨٧-٥٨٨).

واتە ئەگەر کەسێک خاوەنی ڕوحی فەلسەفە بێت باکی لەمردن نییە و ناتوانێت خۆی بکوژێت، چونکە بەپێچەوانەی یاساکان دەیبینێت، ڕاستە مەرگ وەک دەرچەیەکە بۆ ڕزگاربون لە ژیانێک کە ڕۆح تیایدا

زیندانیکراوه، بەڵام دەبێت مرۆڤ دان بەخۆیدا بگرێت تا ئەو کاتەی مەرگ خۆی دێت. کێشـــەیەکیتر هەر لە چوار چێوەی بوندا پەیوەندی نێوان جەستەو ڕۆحە، لە دیالۆگی فایدۆن دەڵێت: "ڕوحی فەیلەسوف بە چاوێکی سوکایەتییەوە سەیری جەستە دەکات و بە هەمو توانایەکی هەوڵی ئەوە دەدات خۆی لە پابەندبونەکانی جەستە ئازاد بکات پەنا دەباتە بەر ڕوح" هەروەها "کەســـێک دەتوانێت بونێکی باشـــتری هەبێت کە زیاتر خۆی لە پابەندبونەکانی جەستە ڕزگار بکات و تەنها پشت بە ژیری ببەستێت"(ئەفلاتون،٢٠١١، ٥٩٠).

لێرەدە دوبارە دوالیزمەکەی ئەفلاتون دەبینین واقیع و ڕواڵەت، جیهانی شـــتە عەقلییەکان و هەســـتەکان، لێرەدا مرۆڤ دەتوانێت تەنها بە پشـــت بەســـتن بە بە ئەندێشـــە لەو ڕێگایەدا هانگاو بنێت و بێ ئەوەی پشـــت بەهەســـتەکان ببەســـتێت، ڕوح تەنها بە مردن لە جەســـتە ڕزگاری دەبێت و ئازاد دەبێت، بۆیە پێویســـتە مرۆڤ خۆی لە هەمو خواســـتەکانی جەســـتە ڕزگاربکات لەپێناو ئەوەی کە ڕۆحی دوای مردن بە نەمری بمێنێتەوە، هەروەها پاکی ڕۆح بە جیابونەوەی ڕۆح لە جەســـتە دەبێت و خۆی لە گرفتارییەکانی جەســـتە ڕزگار بکات، هەروەها مرۆڤ نابێت لە مەرگ بترســـێت کاتێک کە پێی دەگات، بوێری و ئازایەتیش تایبەتە بە کەســـانێک کە جەستە بە شتێکی بێ بەها دادەنێن و شەیدای ڕاستییەکانن.

## تەوەری دوەم: بون و گەردون لە دیدی ئەفلاتوندا:

ئەفلاتون بون بەگشـــتی دەکات بە دو بەش: یەکەم: جیهانی نمونەی باڵا، کە بەدەرە لە گۆڕان و مادە. دوەم: جیهانی هەستپێکراو کە جیهانی مادەیە و شـایەنی گۆڕانە و لەسـەر یەک شـێوە نامێنێتەوە، ئەمەش نیشـاندانی ئەوەیە کە ناکرێت هەر لە کۆنەوە هەمیشـــەیی"ئەزەلی"بێت دەشـــێ لە کاتێکی دیاریکراودا دروســـت کرابێت، دروستکارێک دروستیکردوە (عزیز،٢٠٠٨، ١٤٥-١٤٦). ئەفلاتون لە دیالۆگی تیمایۆسدا سەبارەت بە دروستبونی جیهان، کە چۆن بونی هەیە. لەم دیالۆگەدا بۆچون و بیرۆکەکانی خۆی لەسەر زاری تیمایۆسی فیساگۆرسەکان دەخاتەڕو، بۆچونەکانی لەسەر بنەماکانی هۆشەکی-بیرکاریانە دادەمەزرێنێت(مطر،١٩٩٨). لێرەوە دەردەکەوێت، کە پرسـی بونی جیهان لە فۆرمێکی ئەفسـانەییدا دەخاتەڕو و هەر بۆیەش دیالۆگی تیمایۆس بە ڕاڤەی زانسـتی ســـروشـــتی" وەســـف دەکرێت (میر،١٩٨٠، ٥٧-٥٩) زۆر ئەفســـانەی خەیاڵی لە تیمایۆســـدا هەن کە لەبری ڕونکردنەوەیەکی عەقڵانی بۆ ئەم پرسە باس لە پرسی گەردونی جیهان دەکەن(ستیس،١٩٨٧، ١١٧).

لەڕوانگەی ئەفلاتون هەر هەبونێک، کە دێتەبون بە هۆی توانـای هۆکـارێکەوە دێتەبون، چونکە مەحـاڵە شـــتێک بێ هۆ لەدایکبێت و بێتە بون. ســـەرەتا دەبێت بپرســـین ئایا ئەم جیهانە هەمیش بەو شـــێوەی کە هەیە هەبوە و سـەرەتایەکی نەبوە؟ یان لە سـەرەتایەکەوە هاتۆتە بون و سـەرەتایەک بۆ دروستبونی هەبوە؟ جیهانی بونەوەران "بوە" و "تازەیە" چونکە هەستپێکراوەو دەبینرێت و هەڵگری جەستەیە و هەر شتێکیش بەمشێوەیە بێت بە هەسـتەکان شـایەنی بەرجەسـتەکردنن و ئەوەی بە هەسـتەکان بەرجەسـتەدەکرێن و ئێمەش لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەتوانین وێنەیەکی لە بەدەست بێنین گۆڕاو و دروستکراوە (ئەفلاتون،٢٠١١، ٢٢٨٠-٢٢٨١).

دروستکار"خالق" جیهانی لەسەر شێوەی بونێکی هەرە کۆن دروستکردوە، لە خۆی بچێت، کەوتە جیهان و سروشت یەک جیهان و سروشتن چونکە دروستکارەکەی یەکە و بونێکی دیاریکراوی هەیە هیچ شتێک لەدەرەوەی ئەودا نییە تا بتوانێت کاری تێبکات. شێوەکەی بازنەییە و تەواوترین شێوەیە، لەجێگای خۆیدا بە ڕێکوپێکی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە (عزیز،٢٠٠٨، ١٤٦). کەواتە ئەوەی ڕودەدات بەپێی زەرورەت لە هۆکاری یەکەمەوە ڕودەدات، جیهانیش ڕوداوە و لەلایەنێکی یەکەمینەوە دەستی پێکردوە، لەبەرئەوەی بەر هەستە، هەرچی بەرهەستیش بێت ملکەچی گۆڕانە و بەشێوەی ڕوداوە و دروستکارێکی هەیە. بەڵام لەسەر چۆنییەتی دروستبونی جیهان ئایا لەسەر کام یەک لەم دو بنەمایە دروستکراوە، بە لاساییکردنەوەی ئەوەی هەمیشە بەهەمان شێوەی خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت، یان لەڕوی ئەوەی کە تازەبوەو هەمیشە لە گۆڕان دایە، جیهان لەنێو شتە هەبوەکاندا لە هەمو شتێک جوانترە و دروستکارەکەشی باشترین و کامڵترین دروستکارە (ئەفلاتون،٢٠١١، ٢٢٨١).

ئەفلاتون جیهانی نمونەیی بە هەبونی ڕاستەقینە دەزانێت. بەرزترین نمونە بە بۆچونی ئەو نمونەییە لە باشە، لە ڕاستیدا نمونەی چاکە بە بەرزتر لە بون دەزانێت، هەروەها جیهانی هەستەکان بەردەوام لە گۆڕاندایە و هیچ سەقامگیری و مانەوەیەکی نییە بونی ڕاستەقینەی نییە و ئەم دونیایە جیهانێکی عەقڵانی هەمیشەی و بێکۆتایە (شجاری ونجف پور،١٣٩١، ٦٧-٦٨). لەڕوانگەی ئەفلاتون هەمو شتەکانی نێو ئەم جیهانە لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە لەم بارەیەوە ئەفلاتون دەڵێت: "هەمو شتێک لەم جیهانەدا هەمیشە بەڕێگاوەیە بۆ ئەوەی ببێت بەشتێکیتر، هیچ شتێک لە هیچ شوێنێکدا بەنەگۆڕی نامێنێت"، مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیە "هەمو شتێک دێت هیچ شتێک نابێت" هەمو شتێک دێت و وندەبێت هیچ شتێک کامڵ نییە، هەمو شتێک سیس دەبێت و لەناودەچێت ئەم جیهانە کات و شوێنی هەیە تاکە جیهانێکە بەڕێگەی هەستەکانمانەوە هەستی پێدەکەین، لەبەرامبەردا جیهانێکیترمان هەیە کە بونی بەکات و شوێنەوە نەبەستراوەتوە لەدەروەی کات و شوێنە و ناتوانین بەهەستەکانمان دەرکی بکەین، بەدەرە لە گۆڕان (ماگی، 2010، 50-51).

ئەفلاتون جیاوازی لە نێوان دو جیهاندا دەکات. جیهانی "ئەمپیری" دەروێنەیە، کە ئێمە تیایدا دەژین، جیهانێکی گۆڕاوە. هاوکات دەروێنەی جیهانە باڵاکەیە، جیهانە سەرەکیەکە بریتییە لە جیهانی نەگۆڕ و پەتی و ڕەها و سەرچاوەی بونەوەری ڕەهایە، هەروەها جیهانی "ئەمپیری" دەروێنە جیهانێکە ڕوەو لەناوچونەو لەنێو جەستەی کات و شوێن دایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەستە بە ئایدیاکانەوە، بەبێ ئەم ئایدییانە ناشێت لەبارەی ئەم جیهانی ئەمپیریە بدوێین، بۆیە پێویستە بەر لە ناسینی ئەم جیهانە ئایدیاکان بناسین و بزانین چین؟ بە بۆچونی ئەفلاتون ئایدیاکان حەقیقەت"واقعیت"ی شتێکن کە هەبونی تەواوی شتەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، ئایدیاکان بە واتای شتی ڕیالیتی، ئەوا ڕیالیتی نین، هەبون و بەهایەکن لە تاکێکدا، سەرچاوەی هەبونی شتەکان و هاوکات سەرچاوەی چاکەن (محەمەد،٢٠١١، ٨٨-٨٩).

ئەو جیهانەی ئێمە هەمو بونەوەرە بینراو و بەرجەستەکراوەکانی تێدا بەدیدەکرێت، ئایدیای چاکە"دەمیورگ" کە دروستکەری ئەم جیهانەیە ویستی لە شێوەی جوانترین و تەواوترین بونەوەرێک، کە تەنها لە جیهانی ئەقڵدا

جێگەی دەبێتەوە دروست بکات، جیهانی لە شێوەی ڕوحێکی بینراودا دروستکرد کە هەمو بونەوەرێک لەڕوی سروشتەوە لەو دەچن لە خۆیدا کۆبکاتەوە(ئەفلاتون، 2011، 2285).

لەبەرئەوەی جیهان تابلۆیەکی جوانی هونەرمەندییە. ئەو سیستەم و جوانی و ڕێکوپێکییە، کە لە گەردوندا هەیە ناشێت لەخۆیەوە دروست بوبێت، بەڵکو دەبێت هۆیەکی هەبێت، ناکرێت بەبێ هۆ دروستکرابێت. دروستکار هەمو شتێکی بۆ مەبەستی تایبەتی دروستکردوە. جیهان شێوەیەکی بازنەیی هەیە لەبەرئەوەی بازنە تەواوترینی شێوەکانە. ڕوحی جیهان لەپێش لەشەکەیەوە دروستکراوە، کە "دروستکەر" لەدو جەوهەر بۆی دروستکردوە، ئەو ڕوحەش دەوری جیهانی داوە تەواو هەژمونی بەسەریدا هەیە، ئاراستەی بەرەو پێشچونی دەکات. دو جەوهەرەکەش جەوهەری هەمیشەی نەگۆڕا و جەوهەری ناسادە و دروستبوی دابەشبوی سروشتە و لە تێکەڵەی هەردوکیان جۆری سێیەمی لێبەرهەم هاتوە، کە لە نێوان هەردوکیاندا دواتر هەر سێ جەوهەرەکە ئاوێتەبون، بەمشێوەیەی گەردونی لێدروستکردوە، واتە خۆشی و ناخۆشی و ترس و کینە و خەمباری کاردەکەنە سەر ڕۆحی گەردون، بەمشێوەیە ئەگەر ڕۆحی گەردون لە یاسای ئەقڵ دەربچێت بزوتنەکەی دەشێوێت و ڕوبەڕوی دۆخێکی نەگونجاو دەبێتەوە(کەرەم،٢٠١٧، ١٣٦).

گیان"نەفس"ی جیهان لەپێش لەشەکەیەوە دروستکراوە، دروستکار لە دو جەوهەر بۆی دروستکردوە، ئەم گیانەش دەوری جیهانی داوە و ئاراستەی بەرەو پێشچونی دەکات، لەبەرئەوەی سروشت دروستکراوە و هەست بە بونی دەکرێت و دەبینرێت، چونکە لەشی هەیە و دروستکار لەسەرەتادا لە ئاگر و گڵ دروستیکرد بۆ ئەوەی ئاگرەکە ڕوناک و بە گڵەکەش لوس و نەرم بێت، بۆ ئەوەی گڵ و ئاگرەکە بەیەکەوە بلکێن دروستکار بەڕادەیەکی دیارکراو ئاووهەوای خستە ناویانەوە، بەمشێوەیە ڕادەی هەواو ئاگر ئەوەندەی هەوا و ئاو بو، ڕادەی هەوا و ئاو ئەوەندەی ڕادەی ئاو لەگەڵ گڵ بو، بەمشێوەیەش لەشی جیهان لەو چوار مادەیە دروست بو، دروستکار بەیەکەوەی لکاندن و گونجاندنی ئەمەش وای لە سروشت کرد کە پتەو و قایم بێت و لە دروستکار بەو لاوە هیچ هێزێکی تر کاریگەری تێنەکات (عزیز،2008، 146-147).

لەبەرئەوەی ئەم جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین جیهانێکی هەستپێکراو و مادەیە و گۆڕانی بەسەردا دێت ئەوا ناکرێت هەمیشەیی"ئەزەلی"بێت. ئەفلاتون لە دیالۆگی"تیماوس"دا دەڵێت: "هەمو شتێک بە زەرورەت دروست بوە" جیهانیش هۆکارێک لە پشت ئەم دروستکردنەی هەبوە، بە بۆچونی ئەفلاتون ئایدیای چاکە چاکەیە و کامڵە ویستی جیهان دروست بکات لە شێوەی خۆی، جیهان سەرەتا کەرستەیەک بو لەپاڵ ئیدێی چاکە، لەبەرئەو ویستی چاکەیە، کە ئیدێی چاکە هەڵگرییەتی حەزی لە چاکەیە بۆیە جیهانی دروستکرد بە شێوەیەکی ئەندازە'ی(ئەفلاتون،٢٠١١، ٢٢٨٠-٢٢٨٧).

کەواتە جیهان تابلۆیەکی جوانی هونەرمەندییە ئەو سیستەماتیکی و ڕێکخراوییەی گەردون هەیەتی ناکرێت لە خۆیەوە دروست بوبێت، بەڵکو هۆکارێک هەیە بۆ دروستبونی ئەم هۆکارەش ئەم سیستەم و ڕێکخراوییەی داناوە، ئەمەش ئەقڵێکی کامڵی خێری ڕوتە هەمو شتێکی بۆ مەبەستی تایبەت دروستکردوە ئەم هۆیەش دروستکارە(عزیز،٢٠١٢، ١٥٠).

## ئەنجام:

- بون پرس و بابەتێکی گرنگی هەمو ســـەردەمەکان بوە، واتە پێش فەلســـەفە و دوای ســـەرهەڵدانی فەلسـەفەش بون بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی بەخۆیەوە خەریککردوە. پێش فەلسـەفە کێشـەی بون لە ڕوانگەیەکی ئەفســانە و ئاینی بوە، لە چوارچیوەی ئاین و ئەفســانەدا خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی فەلســـەفە کێشەی بون بە پشت بەستن بە ئاوەز لە چوارچێوەی ڕیبازە فەلسەفییەکان خوێندنەوەی بۆکراوە.
- فەلســـەفەی ئەفلاتون بەدەرنەبوە لە کاریگەری و کارتێکردنی هزر و فەلســـەفەی فەیلەســـوفانی پێش خۆی، ئەم کارتێکردنانەش لە بەشـێک لە بابەتە فەلســـەفیەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام ئەفلاتون بەشـێوەیەکی جیاوازتر لە فەیلەسوفانی پێشخۆی خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ پرس و بابەتە فەلسەفییەکان کردوە، بەتایبەت بۆ پرسی بون.
- ئەفلاتون تیۆرییەکەی دەربارەی بون دوالیزمییە واتە بەهەمان شێوەی دوالیزمی زانین، بون بەسەر دو بوندا دابەشدەکات: مەعقول و ژیر. یەکەمیان گوزارشت لەڕاستییەکانی شتەکان دەکات و دوەمیشیان وڕێنەیە یەکەمیان لەلایەن عەقڵەوە هەستی پێ دەکرێت و دوەمیان بە هەستەکان درک دەکرێت.
- جیهان تابلۆیەکی جوانی هونەرمەندییە. ئەو ســـیســـتەم و جوانی و ڕێکوپێکییە، کە لە گەردوندا هەیە. ناشێت لە خۆیەوە دروستبوبێت، بەڵکو هۆیەک هەیە، ناکرێت بەبێ هۆ دروستکرابێت. دروستکار هەمو شتێکی بۆ مەبەســتی تایبەتی دروســتکردوە، هەر هەبونێک کە دێتە بون بە هۆی توانای هۆکارێکەوە دێتە بون چونکە مەحاڵە شتێک بێ هۆ لە دایکبێت و بێتە بون.
- دروســتکار جیهانی بەشـێوەیەک دروســتکردوە و زیندو و هەســتپێکراو و جولاو و هەمیشــەییە، بەڵام هەمیشەییەکەی جیاوازە لە هەمیشەیی تێگەیشتو و ڕەنگە لەناوبچێت و تەنها دروستکار بتوانێت لەناوی ببات.

# Being in Plato's idea

**Zryan Hamza Aziz[1] - Sarkar Hamarashid Said[2] - Kaifi Abubaker Hamad[3]**

[1+3]Department of Philosophy, College of Humanities, University of Raparin, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of spcial Education, College of Basic Education, University of Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Human beings own an intelligent and conscious existence. This distinguishes human beings from other creatures. Human beings are characterized by thinking and asking questions about existence in general, their own existence and the universe. No other creatures possess such an intelligence. We ask why am I here and what is the source and nature of my existence? How did this world come into existence? and many other questions, which have become a problem and occupied the human mind. Before and after the rise of philosophy, the question of existence has been an important issue and an essential problem of all time. Consequently, man has been searching for the truth and answers to his questions.

Man's consciousness is imperfect, which has become the source of his desires for self-completion and perfection. This imperfection is an incentive for continuous efforts to comprehend the meaning of existence. Throughout the ages, philosophers have sought the nature of the question of existence according to the times in which they lived. The answers to this question have varied, each interpreting it in a different way. Plato interpreted the question of existence under the influence of a number of schools and philosophers. The absolute existence of the Elites became the basis of the idealistic theory of eternal change, in which Heraclitus' philosophy became an important characteristic of the perceived world and material appearances, and benefited from Pythagorean numeracy.

Plato's theory of existence is similar to his theory of knowledge, in a way that rises from the senses to the mind, and divides existence into two parts on this basis: The presence of objects and the presence of consciousness. Plato presents his theory of the origin and creation of the universe, which can be called "Plato's geometric nuclear or mathematical theory" about the nature of existence and the distinction between apparent existence and exemplary existence. In Plato's view of absolute existence, the "idea" and the general existence is the existence from which all things in the world originate.

**Keywords**: Plato, Idea, Existence, World, Philosophy, Knowledge.

## سەرچاوەکان

ئەفلاتون (2011). فایدۆن(نەمری ڕۆح)، چاپتەری دوەم، و: عیمران هاواری، چ1، سلێمانی: چاپخانەی چاپەمەنی گەنج.

ئەفلاتون(2011). سیای تیتۆس"شوناس"، چاپتەری چوارەم، و: عیمران هاواری، چ1، چاپخانەی چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

ئەفلاتون(٢٠١١). تیماوس، چاپتەری پێنجەم، و.عیمران هاواری، چ1، چاپخانەی چاپەمەنی گەنج،سلێمانی.

ڕەسل، بێرتراند(٢٠١١). حیکمەی خۆر ئاوا، و.کامیل محمد قەرەداغی، چ١، چاپخانەی سەردەم.

کەمال، محەمەد(٢٠٠٢). کێشەی بون لە مێژوی فەلسەفەدا، بەرگی یەکەم، نوسەر خۆی چاپی کردوە.

کەمال، محەمەد(٢٠١٠). فەلسەفەی ئەفلاتون، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی.

کەرەم، یوسف(٢٠١٧). مێژوی فەلسەفەی یۆنانی، و.عمر عەلی غەفور، چ١، چاپخانەی تاران.

عزیز، حمید(٢٠٠٨). سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چ٣،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، کوردستان-هەولێر.

حەمە، ئازاد(٢٠١٢). فەلسەفە کردن و گەڕان بە دوای بنچینەدا، گۆڤاری کۆنسێپت، ژمارە"٥".

بریهێیە، ئیمیل(٢٠٠٧). مێژوی فەلسەفە، و.ئاوات محمد، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی چراخان.

سابیر، رەحیم(٢٠١٤). مێژوی فەلسەفە لە فیلۆن تا نیکۆلاوس کوسانوس، بەرگی سێیەم، چ١، لەسەر ئەرکی نوسەر خۆی چاپکراوە.

مەروە،حوسەین(٢٠٢٠). بەرابیەکانی مادیگەرایی لە فەلسەفەی عەرەبی-ئیسلامی، و.سۆران سێوکانی،بەرگی چوارەم،چ١،چاپخانەی تاران.

حەمەعلی،ئومێد(٢٠١٥). کێشەی بونی مرۆڤ،چ١،چاپخانە پەنجەرە.

ماگی،برایان(٢٠١٠). مێژوی فەلسەفە، و.عوسمان حمەرەشید،چ١، چاپخانە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

محەمەد، پێشڕەو(٢٠١١). سەرتاگیری فەلسەفەی ئەفلاتون، ئایدیا والا، ژمارە"٢٧"ی حوزەیرانی.

مەلا ئەمین، هاوژین(٢٠١٧). فەلسەفەی ئیسلامی فارابی، چ١، چاپخانەی تاران.

مطر، أميرة حلمى(١٩٩٨). الفلسفن اليونانية: تاريخها ومشكلاتها، الناشر دار قباء للطابعة والنشر والتوزيع، القارة، مصر.

مير، غاستون(١٩٨٠). أفلاطون، ت:بشارة صارجى، سلسلة أعلام الفكر العالمى،ط١، المطبعة:المؤسسة العربية للدراسات والنشر.بيروت،لبنان.

ستيس، ولتر(١٩٨٧). تاريخ الفلسفة اليونانية، ت:مجاهد عبد المنعم مجاهد،ط١،المطبعة: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

بورمان، كارل(1389). افلاطون، ترجه محمدحسن لطفي، چاپ سوم، انتشارات طرح نو.

شجارى ونجف پور، مرتضى وناهيد(١٣٩١). وجود ومراتب آن ديدگاه افلاطون و ابن عربى، دوفصلنامه تخصصى علامه، سال دوازدهم-شماره پياپى٣٧، بهاروتابستان٩١.

## پەراوێزەکان

[1]– پێش سوکراتیەکان: ئەم نازناوە گوزارشتە لە فەیلەسوفە گریکیە کۆنەکان کە تا سەردەمی سوکرات، ئەم قۆناغە کە سەرەتا و گەشکردنی فەلسەفەیە، لە سەدەی شەشەمی پێش زایینییەوە بە تالیس دەستپێدەکات و لەگەڵ دروستبونی ڕێبازەکەی سوکرات کۆتای دێت (عزیز،٢٠٠٨، ٦٥)

[2] – بونگەرایی: ڕەوتێکی فەلسەفییە و شکۆ بە بەهای مرۆڤ دەبەخشێتەوە و جەخت لەسەر ئەو خودە دەکاتەوە کە خاوەنی بیرکردنەوە و ئازادی و ئیرادەو بژاردەی خۆیەتی و پێویستی بە هیچ ئاراستەکەرێک نییە، مرۆڤ خۆی جوهەر و مانای ژیانی خۆی دروستدەکات (مەجدی کامل،٢٠١٩، ٤١).

[3] – ئۆگستین: ساڵی ٣٥٤-٤٣٠ز، خوداناس و فەیلەسوفی مەسیحیەکان، یەکێکە لە باوکانی کلێسەی مەسیحییەکان، دامەزرێنەری فەلسەفەی مێژوی مەسیحییە، ئۆگستین جەوهەری پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ ئاوەڵا دەکاتەوە، خودا لە ڕوانگەی ئۆگستینەوە لە سەرو سروشتەوەیە، جیهان بریتییە لە سروشت و مرۆڤ (کەرەم، 2017، 24).

[4]– فارابی: فەیلەسوفێکی ئیسلامیە لە ساڵانی"٨٧٠-٩٥٠"ز ژیاوە، بە مامۆستای دوەم ناسراوە، لە تیۆری "فەیض" سەررێژدا باس لە چۆنییەتی دروستبونی هەبوەکان دەکات لە سەرەوە بۆ خوارەوە، کە هەمو بونەکان لە خوداوە سەرچاوەیان گرتوە (مەلا ئەمین، 2017، 5).

[5] – دوالیزم: چەمکێکە خاوەنی چەندین واتای جیاوازە، لەبواری زانیندا ئەم چەمکە دو پۆلی بنەڕەتی شتەکان و پرەنسیپەکان لەخۆدەگریت، کە کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە، بەڵام بنچینەی خۆیان ناگۆڕن، ئەم چەمکە وەک تێگەیشتن و ڕوانینی فەلسەفی دان بە بونی ڕەهەندی ئایدیالیستەکان و ماتریالیستەکان دادەنێت بەڵام دان بە ڕێژەیی بوننیان دانانێت (حەمە علی، 2015، 100).

[6]– سوکرات دامەزرێنەری فەلسەفەی گریکی و فەیلەسوفێکی داناو بلیمەتێکی دلێر و چاونەترس و ڕاستگۆ بو، فەلسەفەی یۆنانی کردوە بەدو بەشەوە، فەلسەفەی پێش سوکرات و فەلسەفەی دوای سوکرات، لە ساڵی ٤٧٠یان ٤٦٩ی پێش زاین لە ئەسینا لە دایکبوە، (عزیز، 2008، 130).

[7] – ئەفلاتون: ناوی تەواوی پلاتۆن کوڕی ئەرستۆکلیسە، خوێندکاری سوکرات و مامۆستای ئەریستۆتێلیس بوە، ئەفلاتون لە ساڵی ٤٢٨ی پێش زاین لە خێزانێکی خانەدان و دەست ڕۆیشتو لە شاری ئەسینا دایکبوە، خوێندکاری سوکراتی دانا و مامۆستای ئەریستۆ بوە، ئەفلاتون فەیلەسوفێکە لە فەیلەسوفە گەورەکانی دنیا، دۆست و دوژمنانی بە ڕێزەوە باسی دەکەن، ئەمرسۆن دەڵێت: هەرچی کتێب هەیە لە دنیا بیسوتێنن تەنیا کۆمارەکەی ئەفلاتون جێگای هەموان دەگرێتەوە، ئەفلاتونی ناوزەدکراوە، دامەزراوە، (عزیز، 2008، 13٧).

[8] – هیراکلیتس لە شاری ئەفسوس لە دایکبوە لە نێوان ساڵانی ٥٤٠_٤٧٥ی پێش زاین ژیاوە، یەکێکە لە سەرکەوترین و بەناوبانگترین فەیلەسوفەکانی مێژوی فەلسەفەی گریک. " (عزیز، 2008، 74).

[9] – پارمەندیس یەکێکە لە فەیلەسوفانی قوتابخانەی ئیلیایی، لە ساڵی ٥٤٠ی پیش زاین لە شاری ئیلیا لە دایکبوە، کتێبی دانەوە لەبارەی سروشت، باسی سروشت و میتافیزیکیای کردوە، فەلسەفەکەی شێوەیەکی گومانی گرتوە. (عزیز، 2008، 88).

[10]– ئیلیاکان ڕێبازێکی فەلسەفیە لە چوار فەیلەسوف پێکهاتوە" ئەکسانۆڤان، پارمەندیس، زینون، میلسۆس" (بریهێیە، 2007، 103).

[11] – پیتاگۆراس یەکێکە لە دیارترین و ناسراوترین فەیلەسوفانی یۆنان، کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر فەلسەفە و زانستی سەردەمی خۆی، وەک ئەریستۆ دەڵێت: "فەلسەفەی ئەفلاتون لەزۆر لایەنەوە شوێنکەوتوی فەلسەفەی پیساگۆراسە".(عزیز، 2008، 80).

[12] – دیمۆكریتس یەكێكە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی ئەتۆمی، دیارترین فەیلەسوفی ئەم قوتابخانەیە بوە، لە سالّی ٤٦٠ی پێش زاین لەدایكبوە.

[13] – مەلتیەكان لە مەلتیەوە هاتوە، بۆ مەلتییەكان سەرزەوی لەدایكبونی فەلسەفەیە، دیارترین فەیلەسوفەكانی ئەم قوتابخانە فەلسەفیە "تالیسی مەلتی، ئەنكسیمەندەر، ئەنكسیمانس..."ن. (بریهێیە، 2007، 73).